# ووتاری سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان.

سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان پیرۆزبایی کۆنگرەی پێنجەمی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان دەکات ، و زۆر بەهیوایە گۆنگرە لەکارەکانیدا سەرکەوتوو بێت.
بەڕێزانی ئامادەبووان : س.س.ک: لە دایک بووی ژانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانییە، بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزەش ئامادەیە هەموو ووزە و توانایی خۆیی بخاتەگەڕ بۆ ڕزگارکردنی خاکی کوردستان. جا هاوخەباتی و پشتگیری خۆی دەردەبرێت لەگەڵ هەموو دەنگێکی کوردستانیدا ، بۆیە ئەمڕۆ بە پێویستییەک و ئەرکێکی نەتەوەیی ئەزانیین کە بەرەیەکی ڕزگاری سەرتاسەریی کوردستانی دروست بکرێت ، بۆ ئەو خواستەی کە لە دڵی هەمواندایە... .

ئەی کوردینە، بۆ گەیشتن بەم سەروەرییە : هیچ ڕێکخراوێکی کوردستانی بەتەنها ناتوانێت ئەم هاوکێشە گرانە ساغ بکاتەوە. لەبەرئەوەی ڕزگارکردنی نیشتمانیەکەمان زۆر لەوە سەختترە کە تەنها ڕێکخراوێک دەرەقەتی بێت یان بتوانێت یاساو ڕێسای بۆ دابڕێژێت، ئەمە تەنها پرۆسەیەکی یەکلایەنی دیاریکراو نییە، بەڵکو بریتییە لەچەندین پرۆسەی زۆر لەیەک دابڕاوی ئاڵۆز ... کە جگە لە خەبات و جەنگی ڕزگاری ناتوانێت ئەم بارە بەلادا بخات. دروستکردنی ئەم دەوڵەتە لە یەکەم بەردی بناغەوە دەست پێدەکات تا بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەهەموو ڕوویەکەوە و پاراستنی ئەو دەوڵەتە لە هێرشی دوژمنانی. ئەم کارە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکەکەسێکی کوردە و بەتایبەتی ئەوانەی هەستی کوردبوونیان هەیە و ، ئەوانەی دەخوازن لە کوردستان بژین و بەتەنگ داهاتویەکی ڕۆشن و ئازادن بۆ خۆیان و نەوەکانیان. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە قورسترین و گرنگترین هەنگاوی یەکەم دابڕێژین و بنێین. ئەو کەسانەو ئەو لایەنانەی کەدەیانەوێت خەبات بکەن بۆ دەوڵەتی کوردی پێویستە جیابکرێنەوە لەوانەی دەیانەوێت کوردستان هەروا بەداگیرکراوی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بمێنێتەوە ؛ ئەوانەی بەهانە دێننەوە بۆ ژێردەستەیی نەتەوەی کورد ؛ هەر ڕۆژەو بەرگێکی جیاوازی بەبەردا دەکەن ،! کەسانێکی ترس ناس و بودەڵەن بۆ نەتەوەکەیان... ئێمە وەک سەکۆ تەنها و تەنها ئامادەین بۆ باسکردن لە سەربەخۆیی کوردستان و کارکردن بۆی، چونکە لە دەوڵەت کەمتر بە ڕەوا نابینین بۆ گەلەکامان. ئێمە وەک کوردستانی شەو ڕۆژ لە زکر و فیکری ئەم دەوڵەتەدا ئەژین، بۆیە ئەمە تەنها بیرێکی خەیاڵاوی نییە بەڵکوو لای (سەکۆ) خەڵفە نەمامێکی بەخۆ و بەهێزە کە هیچ تۆفان و بوومەلەرزەیەک ناتوانیت زەفەری پێبەرێت.

هاوڕێیان ؛ بۆ خواست و ئایندەیەکی لەم جۆرە بۆ نەوەکانمان پێویستە هەموو لەسەر پلاتفۆرمێکی کوردستانی کۆببینەوە ، بیرو بۆچوونی جیاواز نابێت ببێتە ڕێگەگر بۆ پێکەوە کارکردنمان، بەم شێوەیە دەتوانین ببینە دەنگی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان ، بەم شێوەیە دەتوانین هێزی ڕاستەقینەمان بخەینەگەڕ ، بەم شێوەیە دەتوانین سەرنجی دۆستە ڕاستەقینەکانمان ڕاکێشین و دەتوانین چۆکدابەین بە داگیرکەران ، نەک تەنها سەرشۆڕکردیان.

بەڕێزان: ڕاپەڕینی باشوری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان و ئەوەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، داخوازی نەتەوەی کوردە بۆ سەروەری نەتەوەیی. بالێرەوە هەموو هەوڵ و هیممەتێک جۆش بدەین بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات.

دەستەی بەڕێوەبەری
سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان
30- 06-2005.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com